# ئیمەو ریفراندۆم و وەلامی دووپرسیار

خەسرەو سایە
k.saya@ukonline.co.uk

بەریز کاك عبدالرحمن مولود لەریگای نامەیەکەوە "دووپرسیاری لەسەر ریفراندۆم پیش هەلبژاردن" ئاراستەی ئیمە کردووە کەلیرەدا بەخۆشحالیەوە وەلامی پرسیارەکانی دەدینەوە.. کاك عبدالرحمن دەپرسی:

1- ئیوە کە دروشمی ریفراندۆم پیش هەلبژاردنتان بەرزکردۆتەوە، دەکری ئەوە روونبکەنەوە کە پەیوەندی نیوان ئەم دووانە، واتە هەلبژاردن و ریفراندۆم چیە؟ بەدەربرینیکیتر، ئایا دروشمی ریفراندۆم لەلایەن حیزبتانەوە لەبروابوونتانە بەمافی میللەتی کورد لەپیکهینانی دەولەتی سەربەخۆی خۆی بەبی لەبەرچاوگرتنی کات وشوین، یان دروشمیکی کاتیەوە ودەکری لەدەورانیکیتر لیی پاشگەزببنەوە، بۆنمونە ....حیزبی "بلاک کۆبیک وار" لەکەنەدا نزیك بە50 سال دەیەویت لەریگای ریفراندۆم کۆبیک لەکەنەدا جیابکاتەوە، ئیوەش وان؟ ئیوە کەدروشمەکەتان پیش هەلبژاردنە ئەی ئەگەر ریفراندۆم پیش هەلبژاردن نەکرا چی؟

2- ئیوە کە بۆکیشەی کەرکوك "کەرکوك بەشیکە لەکوردستان یان نا" خوازیاری ریفراندۆمیکی تایبەتن بەکەرکوك- هەروەکو بەریز ئاسۆکەمال لەسمینارەکەدا ووتی- دەکری ئەوە روونبکەنەوە کەخۆتان چۆن دەنگدەدەن، ئەگەر ئەو ریفراندۆمەکرا؟ یانی ئایا حککع بانگەوازی ئەندامان ولایەنگر وکریکار وخەلکی زەحمەتکیشی کەرکوك دەکات دەنگ بدەن بۆئەوەی کەرکوك بخریتە سەرسنوری کوردستان؟

لەراستیدا پرسیاری یەکەمی کاك عبدالرحمن چەند پرسیاریکیتری لەخۆگرتووە کەپیویست دەکات بەرۆشنی بخرینەروو تالەوەلامدانەوە پیان سەرتاپای پرسیارەکەش وەلامیکی تەواو وەربگریتەوە:

_ پەیوەندی ریفراندۆم بەهەلبژاردنەکانی ئیستای عیراقەوە چیە؟

–ئیمە بۆداوای بەرپاکردنی ریفراندۆمیك پیش هەلبژاردن دەکەین؟ئەگەر ریفراندۆم پیش هەلبژارند نەکرا چی؟

– ئایا بەرزکردنەوەی دروشمی ریفراندۆم لەلایەن حیزبی کۆمۆنیستی کرکیاری عیراقەوە، دروشمیکی کاتیە یان لەبروابوونەوەیە بەمافی خەلکی کوردستان بۆپیکهینانی دەولەتیکی سەربەخۆ؟

سەرەتا دەبی راشکاوانە ئەوەبلیم کە حیزبی ئیمە هەروەك لەناوەکەیدا دیارە حیزبیکی کۆمۆنیستی کریکاریەو بەپیچەوانەی ئەحزابی ناسیونالیستیەوە بەرنامەو فەلسەفەی وجودی خۆی ناباتەوە سەر "مافی نەتەوە"و کیشەی نەتەوایەتی، بەلکو خەبات بۆ دامەزراندنی کۆمەلگایەکی ئازاد ویەکسان و سۆسیالیستی، هەویەتی سیاسی حیزبی ئیمە پیکدینی. بەلام کۆمنیزمی ئیمە بەوە لەتەواوی ئەحزابە کۆمۆنیست وسوسیالیستیەکانی تر جیادەکریتەوە کە ئیلهام لەکۆمەلگاو کیشەکانی وەردەگری و خۆی بەبەرپرسیار لەچارەسەری هەر ستەم وکیشەیەك دەزانی کەلەکۆمەلگادا بۆتەمایەی جیاکاری و چەوسانەوەی ئینسانەکان. لەمروانگەیەوە ئیمە کیشەی کورد بەبرینکی گەورە دەزانین کەبەجەستەی کۆمەلگای عیراقەوەیەو پیمان وایە ئەوە خەلکی کریکار وزەحمەتکیشی هەم عیراق و هەم کوردستانە کەزورترین زیانیان لەسەرهەلدان ومانەوەی ئەم کیشەیەدا کردووە ودەیکەن و هەرئەوانیشن کەقازانجیان لەچارەسەری بنەرەتیی ئەم کیشەیەدایە. بەلام کیشەی کورد کیشەیەکی سیاسیەو بەریگای سیاسیش چارەسەردەبی، بەلای ئیمەوە ریفراندۆم، واتە گەرانەوە بۆ رای خەلکی کوردستان خۆیان، تابریاربدەن لەسەر ئەوەی دەیانەویت لەعیراقدا بەمافی یەکسان بمیننەوە وەیا جیاببنەوە ودەولەتی سەربەخۆ پیکبهینن، تەنها ریگای سیاسی گونجاوە کەدەتوانی ئەم کیشەیە لبنەوە چارەسەر بکات وئیتر خەلکی کوردستان بەعینوانی کوردبوونیان نەچەوسینەوە و نەکەونەبەردەم پەلامارو سەرکوتی خویناوی دەولەتی مەرکەزی ونەشکرینە سەرمایەیەك بەدەستی ئەحزابی بۆرژوا ناسیونالیستی کوردەوە بۆ گەیشتن بەقازانجەکانی خۆیان. لەم بروایەوە بۆ حیزبی ئیمە داوای ریفراندۆم یەکیکە لەپرەنسیپ و خواستە بەرنامەییەکان وتائەم کیشەیەش بمینی ئیمە پەنابردن بۆداوای بەرپاکردنی ریفراندۆمیك لەکوردستان بەریگا چارە دەزانین. لەبارەی مافی دەولەتی سەربەخۆشەوە، ئیمە ئەمە بەمافی خەلکی کوردستان خۆیان دەزانین هەرکات لەهەر ریفراندۆمیکدا داوای بکەن، تەنانەت ئیمە بروامان وایە تائەو کاتەی دەولەت ودەسەلات لەعیراقدا لەسەر بنەمای هەویەتی قەومی وئیسلامی دامەزرابی و پیناسەی بۆبکری ئیمە جیابوونەوەو پیکهینانی دەولەتی سەربەخۆ بۆخەلکی کوردستان لەسەلماندنی مافیك زیاتر دەبینین وبەهەموو تواناما نەوە بۆی تیدەکۆشین. هەروەك تائیستا بۆی تیکۆشاوین ولەسەر ئەم خواستەش لەگەل ئەحزابی ناسیونالیستی کورددا (یەکیتی وپارتی) کەوتوینەتە شەروکیشەوە. بۆیە بەدلنیاییەوە دەمەوی بلیم کە پیداگری ئیمە لەسەر داوای ریفراندۆم نە هەلویستیکی ئەمرۆ سبیەنیەیەو نەلەسەر بناغەی هەلبژاردنەکانی ئیستای عیراق گیراوەتەبەر. ئەگەریش ریفراندۆم پیش هەلبژاردن نەکرا، ئەوا ئەم هەلویستەمان هەردەمینی مادام کەخودی کیشەی کورد، وەك کیشەیەکی سیاسی و واقعی بەچارەسەرنەکراوی ماوەتەوە. وە لەبارەی سەلماندنی مافی جیابوونەوەی کوردستان وپیکهینانی دەولەتیکی سەربەخۆشەوە، دیسانەوە تائەوکاتەی ناسیونالیزمی عەرەبی و ئیسلامی سیاسی هەویەتی دەولەتی عیراقیان دیاریکردبیت ودەسەلاتیان بەدەستەوەبیت، ئەوا داکۆکی ئیمە لەم مافە وەکخۆی دەمینی وبگەر هەموو تواناما بۆ بەدیهانی دەخەینەگەر.

بەلام داوای ریفراندۆم پەیوەندی چییە بە هەلبژادنەکانی ئیستاوە و وەبۆ ئیمە شیعاری "ریفراندۆم پیش هەلبژاردنمان هەلبریوە؟ بۆ ئەمەش دەبی ئەوە بلیم کەهەلبژاردنەکانی ئیستا لەچوارچیوەی پرۆسەی سازدانەوەی دەولەتی عیراقدا وەك سیاسەتیکی ئەمریکا بەدەستەوە گیراوە، ئەمریکاو هاوپەیمانانی لەئەحزابی قەومی عەرەبی و دەستەوتاقمی ئیسلامی تادەگات بە یەکیتی وپارتی، هەولیان بۆئەوەیە دەولەتی عیراق سەرلەنوی سازبدەنەوە. بەلام لەم پرۆسەی دەولەت سازدانەوەیەدا ئەوەی خەریکە جاریکیتر دوپات دەبیتەوە، سیناریۆی پیوە لکاندنەوەی جاریکی تری خەلکی کوردستانە بەدەولەتیکەوە کە ریان لەسەر وەرنەگیراوە، یانی هەمان رووداوی سالانی دوای جەنگی جیهانی وپیکهاتنی دەولەتی عیراق کەلەپەیمانیکی ئیمپریالیستیدا کوردستانیان دابەشکردو بەزۆر خەلکەکەیان بەدەولەتی عیراقەوە لکاند، بەبی ئەوەی خۆیان رایان لەسەردابیت. هەلبژاردنی ئیستا گەرەکیەتی هەمان سیناریۆی دووپات بکاتەوە. بیگومان لەهەلومەرجیکی ئاواشد، ریفراندۆم لەهەرکاتیکی تر زەرورەت پەیدادەکاو وەك شیعاریکی فەوری بۆ بەرگرتن بەم سیناریۆی بەزۆر پیوەلکاندنە دەکەویتە دەستوری ئیمەو کۆمەلانی خەلکی کوردستانەوە. هاوکات ریفراندۆم پیش هەلبژاردن، تەوژمی داواکاری خەلکی کوردستانە لەنیو پرۆسەی دەنگدان وئەوصندوقانەدا کەبۆعەلاوی ویاوەرو سیستانییەکان دانراوەو هاوکات ریزی خەلکی کوردستان و داواکەیان جیابکاتەوە لەلیستە هاوبەشەکەی پارتی ویەکیتی کەبەخاتری وەرگرتنی پۆستەکانی وەزارەت خەریکن خەلکی کوردستان پەلکیشی پیکهنانەوەی دەولەتیك دەکەنەوە کەلەسەربناغەی قەومی عربی وئیسلامی خۆی ناساندووە. لەیەك وشەدا داوای ریفراندۆم پیش هەلبژاردن، داوای ئازادکردنی خەلکی کوردستانە بەرلەوەی تەوقی بەزۆر لکاندنەوەی بەدەولەتی مەرکەزییەوە بکریتەوە گەردن.

لەبارەی مەسەلەی کەرکوکیشەوە کەلەپرسیاری دوومدا هاتووە، ئاشکرایەکە کەشاری کەرکوك لەمیژوودا ناوچەیەکی کوردنشین بووە و هەر لەویشدا خەلکی تورکمان، ئاشور وعەرەب پیکەوە ژیانیکی هاوبەشیان کردووە وئەمەش بەواقعی بۆتە مایەی تیکەلاوی و هاوچارەنوسی لەبەرامبەر هەرگرفت وکیشەیەکدا کەرووی لەم شارە کردبیت. بەلام بەهۆی سیاسەتیکی فاشیستی ورەگەزپەرستانەوە کەرژیمی بەعس لەرابردوودا، بەرامبەر خەلکی ئەمشارە بەگشتی و کوردەکان بەتایەتی پەیرەویکردووە وهاوکاتیش لەبارودۆخەکانی ئیستادا کەنەعرەتەی قەومی و ناسیونالیزم لەهەموو لایەکەوە، بەناوی ئەوەی "کەرکوك شاری کوردە"، "کەرکوك شاری تورکمانە" ،"کەرکوك شاریکی عیراقییە"،.. خەریکی پەرەپیدانن بەگیانی رەقەبەریتی قەومی وخەلکی ئەم شارە کەتادوینی منالەکانیان پیکەوە لەگەرەك وقوتابخانە بەبی جیاوازی کردنی یەکتر یاریانکردووەو خویندویانە و ژنان وپیاوانیشیان لەکارگەو ناوەندەکانی کاردا بەدوای بژیوی رۆژانەوە بوون، دنرینە بەرامبەر بەیەك و ترسی شەرو پیکدادانیکی قەومی بەسەر خەلکی ئەمشارەوە دەکەنە یەك واقعیەتی تال وخویناوی. لەحالیکی ئاوادا، هەرجۆرە تیرۆانینکی قەومی وبەبەرداکردنی هەویەتی قەومی بەسەر ئەمشارەدا پەمپی ئاگری ئەم شەرو مەترسییە دەکاو نەك هەر کیشەی کەرکوك بەرەو چارەسەر نابات بەلکو لەبارودۆخیکی ئالۆز و بارگرژییەکی بیچارەدا رایدەگری. حیزبی ئیمە لەلایەك بۆدورخستنەوەی ئەم مەترسییەو بەرگرتن بەهەرجۆرە پیکدادانیکی قەومی لەمشارەدا وهاوکات بۆچارەسەری بنەرەتی کیشەی ئیستای شاری کەکوك لە بەلگەنامەیەکدا بەناوی "وەسیقەی کەکوك"، ریگاچارەی دروستی خۆی خستۆتەروو کەلیرەدا، بەپویستی دەزانم ئاماژە بەگرنترین سەرخەتەکانی بدەم:

یەکەم، بەپیچەوانەی ناسیونالیزمی کوردو هەرجۆریکیتری ناسیونالیزمەوە، بەلای ئیمەوە، خاکپەرستی وئاو وئالاو سنور ورەگەز بناغەیەك نییە بۆتیروانین و هەلویستگرتن لەسەر کیشەی کوردو لایەنەکانی پەیوەست پیوەی، لەوانەش مەسەلەی کەرکوك، بەلکو بۆئیمە تیوەری ماف وپیشرەوی کۆمەلایەتی و جیگای ئینسان وداهاتووەکەی بناغەی تیرۆانین و هەلویستەکانمانە. لەم روانگەیشەوە شاری کەرکوك شاری سەردەمانی ئەمارەت وقەوم وقەبیلە دواکەوتووەکانی پیشین نییە کەلەسەر بنەمای رەگەز و تۆلەسەندنەوەی کویرانە خۆی بناسینی بەلکو ئەم شارە بەتەوای هەویەتیکی ئیسانی وچونیەکی هەیەو ئەمەش ناسنامەی کۆمەلایەتی خەلکەکەیەتی. دووەم: داهاتووی ئەمشارە بەرەو کوی بروات، ئەمە مافی خەلکی شارەکە خۆیەتی. واتە ئەوە خەلکی کەرکوك بەکوردو عەرەب وتورکمان وئاشوری و.. خاوەنی بریاری ئەوەن کەدەیانەویت بەشیك بن لەکوردستان وەیان وەك شاریکی عیراقی جیگابگرن. سیهەم: ئازادی نیشتەجیبوون و جیهیشتن لەمشارەدا بۆهەمووان ئازادەو هەرجۆرە دەرپەراندن و هینانی بەزۆری کەسان لەمشارەدا محکومە، هەرکەس لەکورد وتورکمان وعەرەب کەبەزۆر تەرحیلکراون، ئازادن بەگەرانەوە ونیشتەجیبوونەوەی جاریکیتر لەمشارە، چوارەم: دەبی نوینەرانی خەلکی ئەمشارە لیژنەی چاودیری وسولح ولیکۆلینەوە لەمال وحالی هەموو ئەوکەسانەی کەئەرزو مالیان زەوتکراوە پیك بیت وچارەسەری عادیلانە لەهەربارەیەکەوە بخاتەبەردەم. پینجەم: ئەوە ئەرکی دەسەلاتدارنی ئەم شارەیە کەپارەو زەوی وئیمکاناتی تەواوی بیبەرامبەر، بخاتە ئیختیاری ئەو خیزانانەی گەراونەتەوە وەیا بریاری نیشتەجی بوونیان لەم شارەداداوە.. لەسەربنەمای ئەم خالانە ئیمە پیمان وایە کیشەی کەرکوك ریگاچارەیەکی کارساز و ئینسانی دەگریتەبەر و داهاتووەیەکی ئاسوودە بۆخەلکەکەی مسۆگەر دەبی. لەچوارچیوەی ئەم تەرحەشدا وهەر کات خەلکی شاری کەرکوك گەیشتنە ئاستانەی بریاردان لەسەر ئەوەی کەلەریفراندۆمیکدا، خۆیان بەکام بەش لەکوردستان ،یان عیراق دەزانن، ئیمە لەپیشرەوی کۆمەلایەتی و هەلبژاردنی سیستەمیکی ئینسانی و سکولار، دەروانین و هانی خەلکی دەدەین کەبەرەو لای ئەم ئیحتماله بریاری خۆیان بدەن. بۆنمونە ئەگەر دەولەتی عیراق لەسەر بناغەی قەومی وئیسلامی دامەزرابی، ئیمە نەك هەرهانی خەلکی کەرکوك دەدەین بۆئەوەی نەچنەوە ژیر رکیفی حکومەتیکی لەمجۆرە، بەلکو بەتەوای توانامانەوە تیدەکۆشین کۆردستان لەریگای ریفراندۆمیکەوە جیاببیتەوە و دەولەتیکی سەربەخۆی علمانی، نەقەومی ونەئاینی دامەزرینی، وئەمەش بەپیشرەوی کۆمەلایەتی وقازانجی خەلکی کوردستان و ناوچەکە دەبینین.

لەکۆتایی‌دا هینانەرووی ئەو تیبینی‌یە، لەبەرامبەر گومانیکدا کەبەپرسیارەکانی بەریز کاك عبدالرحمنەوە دیارە بەپویست دەزانم، بەتایبەتی کاتیك کەئەو لەبەرامبەر ئیمە وریفراندۆم وشیعارەکانمان بەگومانەوە دەروانی. لەکاتیکدا هەموو کەس ئەوە دەزانی هاوسەردەمیك کەزاراوەکانی"ئۆتۆنۆمی موفاوەزە وفیدرالیزم" لەزاری ئەحزابە ناسیونالیستەکانی کوردەوە وەك ریژنەی باران دەباری، زاراوەی ریفراندۆم یەکەمجار لەلایەن ئیمەوە داکەوت وخرایە سەرزاری خەلکەوە وپەیگیرانەش داکۆکیمان لیکردووە و هیچ کاتیکیش لەسەروخەلکی کوردستانەوە وبەنیهنی بۆقازانجی حیزبیمان لەگەل دەولەتی مەرکەزیدا نەکەوتوینەتە سات وسەوداوە، هەربۆیە گۆمانیك کەك عبدالرحمان هەیەتی لەئیمە لەشوینی خویدانی‌یە. بەبروای من شك وگومانیك کەکاك عبدالرحمان و هەرخەلکیکی دلسۆز هەیبیت، دەبی لەهەرهەنگاو سیاسەتیکی ناسیونالیزمی کورد و حیزبەکانی وەك یەکیتی وپارتی بیانبیت. بەتایبەتی کە کارنامە ومیژووی ئەم حیزبانە جگەلە دروکردن لەگەل خەلك ویاری‌کردن بەچارەنوسیانەوە شتیکی‌تریان نیشان نەداوە... بەشداری ئیستاشیان لە هەلبژاردنەکاندا، بەلگەیەکی ترە، بۆئەوەی کەئەوان ئامادەن هەممو"شارەکانی کوردستان" بەشاری کەرکوکیشەوە بکیشنەوە ژیرسایەی دەولەتی داهاتووی عیراق. ..

ئومیدەوارم وەلامەکانم بۆ کاك عبدالرحمن وهەمووان بەسود بووبن...

**20-12-2004**